www.kurdistannet.org

20-10-2006 9:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگەوازێک بۆ هابیرانی ڕێگای سەربەخۆیی و یەکسانی

بەناوی ئاهۆرا مەزدا

پێشەکی درووود لە گیانی پاکی پەیامبەری ڕاستی و چاکە و خۆشی (ئاشۆ زەردەشت) و گشت یاوەران و باو و باپیرانمان، وە درووود لە ڕەوانی ئێوەی کوردی خاوە بیر و وتە و کرداری چاک. ئەوە بۆ نزیکەی 4 هەزارە دەچێت کە دینی دێرینی ئاریەکان لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئاریەکانەوە (کوردستان) سەری هەڵداوە و دۆزەرەوەی ئەو دینە پاک و بێگەردەش هەڵبژێردراوی خودای مەزن و دلۆڤان (ئاشۆ زەردەشتی) ە. گەلی کوردیش ئەگەر بە زۆرینە ئێستا موسوڵمانن بەڵام کەم ئان زۆر بڕواو خۆشەویستیان بۆ ئەم دینە دێرینەی کورد هەیە.

هەرچەندە کورد ژێردەستەی دوژمنانی بووە، بەڵام چەند بوونی بە نەتەوەیەکی جودا ئازاری پێگەیاندبێت، لەوە پتر جودایی دینی کورد لە دوژمنی پتر زیار و ئازاری پێ گەیاندووە. کوردستان خاکی کۆنی پەیامبەر و دۆزەرەوە ڕێگەی ڕاستی یەزدانی، ئێستاکە گەرچی کوردیش خاوەن پارچەیەکی گرنگی ئەو خاکەیە و حکومەتی هەیە بەڵام هێشتا بە هیچ شێوەیەک خاوەن دین نین هیچ پایەیەکی بۆ ئەم دینە دانەناوە. کوردستان، یەکەم لانەی دینی ڕاست، یەکەم ئاتەشکەدە، ئێستا نە دین تێیدا بڵاوە و نە ئاگرە پیرۆزەکەشی تێیدا ڕۆشنە.

داوا لە گشت هاوبیرانی نەتەوەیی کورد دەکەم گەر هەر کەسێک لەسەر ژیانەوەی دینی کورد سوورە با بێین دەست لە دەستنێین و دینی کورد و ئاریەکان دووبارە بە کورد بناسێنین.

بەم ئیمەیڵە پێوەندی بکەن
info@atesh. tk

zoroastrian@atesh. tk

Sarkan
www. sarkan. us